# ڕێباز و شێوازەکان لە وێژەی کورد دا

ڕەحیم فتووحی

سرشناسه : فتوحی، رحیم، ۱۳۵۸ -

عنوان و نام پدیدآور : **رێباز و شێوازەکان لە وێژەی کورد دا / ڕەحیم فتووحی**

مشخصات نشر : **اشنویه: ڕەحیم فتوحی، ١٣٩٤.**

مشخصات ظاهری : ۳۵۷ص؛ ۱۴/۵×۲۱/۵ س‌م.

شابک : ٩٧٨-٦٠٠-٠٤-٤١٢٩-٦

وضعیت فهرست‌نویسی : فیپا

یادداشت : کردی.

موضوع : ادبیات کردی — سبک‌شناسی

رده‌بندی کنگره : PIR۳۲۵۶ /آ۲۱ ف۲ ۱۳۹۴

رده‌بندی دیویی : ۸فا۹/۲

شماره کتابشناسی ملی : ۴۰۸۳۵۱۷

چاپ و صحافی : اشنویه، آریا

**ناوی پەرتووك: ڕێباز و شێوازەکان لە وێژەی کورد دا**

**نووسەر: فتووحی، ڕەحیم**

**گەڵاڵەوێنەی ڕووبەرگ: عەلی محەمەدنژاد**

**پیت چین: نووسەر**

**پێداچوونەوە: شەهاب ئەحمەدی ئازەر، شارووخ حەسەنزادە**

**نۆرەی چاپ: یەکەم**

**ناوەندی چاپەمەنی: شنۆ، چاپەمەنی ئاریا**

**تیراژ: ١٠٠٠ دانە**

**قیمەت: ٢٠٠٠٠ تمەن**

**{مافی لەچاپدان و بڵاوکردنەوەی سەرلە نوێ، بۆ نووسەر پارێزراوە.}**

## ناوئاخن


بەرایی ........................................٦

### بەشی یەکەم

ڕێباز و شێوازەکانی زاراوەی گۆرانی ..............................٢٠

#### ڕۆژەنی یەکەم

ڕێبازی یارسان. ...........................................٢١

ئا. شێوازی کۆنی ویژەی یاری (سەدەی یەکەم تا پێنجەم) ..............٢٢

ب. شێوازی شاخوەشین. ........................................٣٢

پ. شێوازی سانسەهاك ...........................................٣٧

#### ڕۆژەنی دووهەم

ڕێبازی فرەچەشنی دەرەوەی یاری ..................................٤٧

ئا. هۆنراوەی ئایینی و عیرفان و سۆفیگەری دەرەوەی یاری. ............٤٨

ب. هۆنراوەی دڵداری و پەسنی جوانی دیمەنسروشتییەکان و شینگێڕی.......٦٣

پ. مەبەستی پەروەردەکردن ........................................٨٥

#### ڕۆژەنی سێهەم

ڕێبازی چیرۆکەهۆنراوەنووسی گۆرانی ..............................٩٧

شانامە کوردییەکان ............................................١٣٥

بابەتی تر لـە ویژەی گۆران دا ..............................١٥٠

## بەشی دوو

ڕێباز و شێوازەکانی کرمانجی سەروو ..........................١٥٢

ڕۆژەنی یەکەم

ڕێبازی کۆن ................................................١٥٣

ڕۆژەنی دووهەم

ڕێبازی ئەزدایی(ئێزیدی). ....................................١٥٧

ڕۆژەنی سێهەم

ڕێبازی بۆتانی. ............................................١٦٦

شێوازەکانی ڕێبازی بۆتانی ...................................١٦٩

ئا. شێوازی چیرۆکەبەیت نووسی ..............................١٧٠

ب. شێوازی عیمادەدینی .....................................١٧٨

شەمسەدینی ئەخلاتیی، شێوازێکی تاقانە و تایبەت ....................١٨٩

ویژەی کلاسیکی کوردەکانی خۆڕاسان ...........................١٩٩

پ. شێوازی چێرۆکنووسی عەرووزی لـە فۆڕمی مەسنەویدا. .........٢٠٩

ڕۆژەنی چوارەم

ڕێبازی نوێ. ...............................................٢١٨

## بەشی سێهەم

ڕێباز و شێوازەکانی زاراوەی سۆرانی (کرمانجی خواروو) ...............٢٤٤

سەرەتا ........................................................٢٤٥

رۆژەنی یەکەم

*ڕێبازی کۆنی سۆرانی.* ..........................................٢٤٨

ئا. شێوازی یارسان و دژبەرانی ................................٢٤٨

دژبەرانی یارسان ...............................................٢٥٣

عێل بەگی جاف، خاوەن فۆڕم و بابەتی تایبەت. .......................٢٥٥

ب. شێوازەکانی سەربەخۆ لە یارسانی سۆرانی. .......................٢٦١

پ. نوسراوە سۆرانییەکانی ئەزدایی(پەڕاوی جیلوە) ...................٢٦٧

رۆژەنی دووهەم

ڕاگواستنی ئەزموونی بۆتانی، ڕێبازی ئەحمەدی کۆر ...................٢٦٩

رۆژەنی سێهەم

ڕێبازی بابانی (ڕێبازی نالی شارەزووری و هاوڕێیەکانی) .............٢٨٧

رۆژەنی چوارەم

ڕێبازی نویّ. ..................................................٢٩٣

ڕۆمان ........................................................٣٠٦

پاشکۆی ١ ....................................................٣٣٤

# بەرایی

زمان بۆ هەر نەتەوەیەك هێمای هەبوون و شووناسی مێژوییە. ویژە بنوێنی ڕادەی هێزی زمان و ڕەوایی و شەرعییەتی ئەوە. گرنگی ویژە بۆ هەر نەتەوەیەك ئەو ئاستەی هەیە کە بەردەوام بۆ سەلماندن و بە جیهانی کردنی ویژەی خۆی تێدەکۆشێت. هەر بەو شێوە ڕێژەی نائاگاداری لە گیرۆفەنی زمانی و بەرهەمە مێژوییەکانی ئەدەبی، بە تایبەت کۆنترینەکان، ئاستی لەخۆنامۆیی ئەو نەتەیەوە دەنوێنێت. ئێستا لە قاتی گەردوونی دا هیچ گەل و نەتەوەیەك نییە کە بارتەقای کورد لە ویژە و ویژەوانی خۆی نامۆ بێت. هیچ خەلکانێك نادیترێت کە ویژەوانە مەزن و مێژوویییەکانی هێندە لە ناو خۆی دا نەناسراو بن. ئەو پرسە بۆ ڕۆژهەلاتی کۆردستان بەرچاوترە. زمانی ئاخاوتنی ئاپۆڕا لە ڕووی پێکهاتە سەقەت و داروخاو بووە و دارماڵ لە وشە و بێژە و دەستەواژەگەلی بیانی عارەبی کە ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی زمانی فارسییەوە لە کوردی وەژوور کەوتوون و وەها خوویان پێ گیراوە کە ئاخێوەر تەنانەت ئەگەر خۆی نووسەری کوردیش بێت، پارێز ناکا و تەنانەت سەربەخۆ لە خەساری پێکهاتەیی زمان و هەبوون و نەبوونی بێژەی هاوشێوەی کوردی، پاکانەی «دەولەمەند کردنی زمان» دەهێنێتەوە. کێشەی نەناسراوبوون و ڕەنگە سووك بوونی بەرهەمە مێژووییەکانی زمانی کوردی نەك هەر بۆ خەلکی ڕەشۆکی، بگرە بۆ شاعیر و نووسەر و ڕەخنەگری کورد، تێکەلە لەگەڵ بۆچوونی ناوچەیی و نائاگادارانە

لەسەر ویژەی فارسی. بەچەشنێك كە لە باسەكانیان دا لەسەر ویژەوانی كوردی، كەمتر هەڵدەكەوێت بۆ پاڵپشتی قسەی خۆیان لە بەرهەمەكانی كوردی ئاماژە بكەن بە دەستەواژە و دێڕگەلێك، لە دۆخێك دا بە لێشاو میناكی فارسی لە حافز و فیردەوسی و مەولانا وێنەی تر دەهێن ، ڕەنگە هەر «پەرێشانی دەینەوەری»، «شاخوەشینی هەرسینی»، «خاتوو جەلالە»، «مەیزەرد»، «نێرگز»، «ئەبوولبەرەكات»، «شێخ حەسەنی هەكاریی» و سەدانی تریان بە ناو نەبیستبێت و چەتوونە كە بڕوایان بە هەبوونی بەرهەمی كوردی سەرووی هەزارساڵە و چەندسەد ساڵە هەبێت. یا بە حەزێكی نەدیتۆكانەی ناوچەیی و شاگەشكانەوە، دێڕەكانی شاملۆ و ئەخەوان و سپەهری وێنەی تر وەك ئەدەبی جیهانی دەهێنن، گۆیا لە دونیای ئێستا ویژەی فەرەنسی و رووسی و ئەڵمانی و... هەر بوونی نییە. ئەو بەرێزانە بە ئاوڕدانەوەیەك لە ئاستی ویژەی گەلانی هاوسێی توركیا و ئەو ویژەوانە مەزنانەی خەڵاتەكانی جیهانییان پێدراوە و هەروەها دەفرایەتی مێژووی زمانی عارەبی و ئەوەی كە تەنیا بارستی نوسراوەی فارسە عارەبینووسەكان دەیان بەرامبەر پترە لە هەرچی نوسراوەی فارسییە، ڕەنگە ناوچەیی و نائاگادارانە بوونی ڕوانینیان بۆ ئاستی بەرزی زمانی فارسی لە جیهان دا!! بۆ دەركەوێت. بە وتەی حاجی:

«یەكتان نەچوونە گەردش، وا تێدەگەن كە دونیا
هەر پادشاهی ڕۆمە و شاهی عەجەم لە تاران»

ئەو زانیارە مەزنانەی كە بە چەنگێك بەرهەمی شاملۆ و ئەخەوان و سپەهری شاگەشكە بوون، گۆیا كوردیش جگەرخوێن و قەدریجان و شێركۆ بێكەسی

نییە، گەورە کەسایەتییەکانی وەك حوزنی ، قەناتی کۆردۆ ، کامەران عالی بەدرخان و دەیانی تر لە ڕاست بیرمەندە ویژەوانەکانی فارس بە شیاوی بەڵگە لێ هێنان نادیترێن کە گۆیا کاری زانستی دەکرێ با ئاستی دانەبەزێت! و تەنیا بە پاڵپشتی گیرۆفەن و لێوەشاوەیی فارسی، کوردی دەوڵەمەند دەکەن. لە کۆر و کۆبوونەوەی بەرهەمهێنەرانەی خۆیان دا بە یەکتر هەڵدەڵێن و نازناوی شیاو بە دەستەوا پێشکەشی  یەکتر دەکەن، هەڵبەت ئاگاداری هەڵپەسێوراوی زمانی دەوڵەمەندی فارسی بە زمانی عارەب هەن. هەڵبەت دەزانن کە ڕووگەی زانستییان دارماڵە لە وشە و بێژەی عارەبی، لەو ئاستە دا کە ئەگەر لەو بێژانە داماڵدرێت کە بە وتەی ئەوان «ئەو خەڵکە ژیرە زمانییان پێ دەوڵەمەند کردووە»، کۆمەڵێك وشەی ڕەق و ڕووق جێدەمێنێت کە بەکاری پێوەندییەکی ئاسایی ژیان نایەن. هەڵبەت بۆشایی زمانی فارس و هەڵپەسێوراوی بە عارەب بەو پاکانە، لە جێگەی بەڵگەداریی زیاتر لە «تەتەڵەی دەربڕینی پێچەوانە» دەچێت، پێویستە لە پێك‌گرتنێکی نەشیاو دا بۆ کوردیش هەناردە بکرێت؟!! هەڵبەت ئەوەش دەزانن کە ئەو کۆمەڵە وشە، نەعارەبییەی زمانی ڕووگەییان سەدا حەفتای لە کوردی دا بەجیاوازی دەربڕین و زاراوە هەن کە بە وردبوونەوەیەکی ئاماتۆر دەردەکەوێت، هۆکاری هەرەبەرزی ئەو جیاوازییە، کارتێکەری زاراوەی عارەبە لە زمانی دەوڵەمەندی ڕووگە، ئەگینا وشە ڕاست و ڕەسەنەکە و شێوەی دەربڕینی ڕاست و ڕەسەن، ئەوەیە کە لە کوردی دا بوونی هەیە. بۆ وێنە نەبوونی پیتەکانی «گ، چ، پ، ژ» لە عارەبی گەر وەك کۆدی ڕێنوێن بۆ ئەو مەبەستە ڕەچاو بکرێت و بڕوانیین وشەگەلی «ڕۆژ، مانگ، ڕێگا، هەسپ، ئاگر، ژێر، ژیر، ژەهر، جوچکە، کەژاوە، ژەنگ‌هێنان، گیان، چۆڕەچۆڕ، ویژدان، مژین، خراپ، ژەندن، تیژ، ژماردن، گوڕاندن،

- پورپیرار، ناصر، **کتاب دوم پلی بر گذشته(تأملی در بنیان تاریخ)**، ۳ جلد، تهران، نشر کارنگ، (تاریخهای مختلف چاپ مجلدات و چاپهای متعدد)
- پورپیرار، ناصر، **مگر این پنج روزه(سعدی آخرالزمان)**، تهران، نشر کارنگ ۱۳۷۷